ZANÍN
Kurdish Scientific and Medical eJournal
VOL. 2
ISUUE 1
JAN. 2006

# پرێسترۆیکا لە زانکۆکانی کوردستان لە مێژە وە درەنگ کەوتووە

پرۆفێسۆر دلاوەر ئەلاەدین

نۆتینگهام، بریتانییا

لە وەتا رزگار بونی بەشی هەرە زۆری باشوری کوردستان لە چنگ ڕێژیمی سەددام، بە شێوەیەکی چاوەرووان نەکراو ژمارە و توانایی دامەزراوەکانی خوێندنی بەرز لە هەرێم دا زیادیان کردووە. لە قوڵایی دڵەوە جێگەی پێخۆش بونە کە هەر دوك هوکومەتەکانی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی و هەولێر بایەخ دان بە خوێندنی بەرزیان خستووەتە رێزی پێشەوەی کارەکانیان.

هەساوگە و بيناي مۆدێرنی خوێندکارن هاوکات لە گەڵ سەرمایە وەگەڕ خستن لە بوواری پێشخانی کۆمەڵایەتی و تێکنۆلۆژی زانیاری ساز کراون. هەتا دێ بەرێوەبەرانی زانکۆکان باشتر پەروەردە دەکرێن و لە پێوەندی دان لە گەڵ هاوتا نێونەتەوایەتییەکانیان لە وروپا، دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمێریکا و شوێنی دیکە. لەوەش زیاتر، ئاکادێمییە کوردەکان لە تاراوگە و هەندرەان لە دڵەوە پێیان خۆشە پشگیری لە گۆران و مۆدێرن کردن و تازە کردنەوەی دامەزراوەکانی خوێندنی بەرز لە کوردستان بکن. ئاسۆی گۆران بە راگەیاندنەکانی ئە و دووایانەی هەر دو پارتی دەستەڵاتدار سەبارەت بە یەکگرتنەوەیی هەر دو حوکومەت ئەوەندەی دوکەش گەشتر دییارە.

لەگەڵ ئە وەشدا، هۆکارێکی سەرەکی بەرتەنگ کردنی پێفاژۆی مۆدێرن کردن سەربەخۆ نەبونی زانکۆکانە لە حوکومەتی ناوەندی. ئەو راستییە نەك هەر لەمپەرێکی سەرەکییە لە بەر دەمی سەرکەوتنی ئاکادێمی، بەڵکو زەمینەشی خۆش کردووە بۆ بڵاو بونەوەی گەندەڵی، واسیتەکاری، تێکەولێکەیی سیاسی و چەقبەستنی تەواو.

لە بەراییەکانی ساڵانی نەوەدەکان، حوکومەتی هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی چەقبەستو و هەڵنەسوری لە ڕێژیمی سەددام حۆسێنەوە بۆ بە میرات بە جێ ما. زۆر بە داخەوە، حوکومەتی هەرێمی کوردستان ئە و شێوازی حوکومەت کردنی رۆژهەڵاتی – ناوەراستییانەی پاراست و تا رادەیەکی زۆر پشتی گرت. سستیمەکە گنخاوە، کۆنینە یە و هەتا بڵی توند بە ناوەندەوە گرێ دراوە. بە شێوازی هیرەمێکی ئەستەم داڕێژراوە کە جێگەیەکی کەم دەهێڵێتەوە بۆ بەرەوژور بردن یا تێهەڵێناندنەوەی سەرکەوتنی ئاکادێمی. پشتگیری و دڵخۆش کردنێکی کەم هەیە بۆ داهێنان، خولقێنەری، دەرپرینی توانایی یان لێوەشاوەیی سەرکردەیی تاکەکەسی. دەستەڵات قۆرخی هوکومەت، بە رونتر لە ئۆفیسی سەرۆك وەزیر دا کۆ بووەتەوە. بودجە و پێڤاژۆی پریاردان هەتا دێ زیاتر بە رێگەی چەندین توێژاڵکی پێچەڵپێچ و بورۆکراتیك دا بەرەو خووارەوە دەچێ. وەزیرەکانی خوێندنی باڵا ( یان جێگرەکانیان) تەنێ دەستەڵاتی بانەکییان هەیە و وەك جێبەجێکەر دەجوڵێنەوە، لە بری ئەوەی کە سەرکردە بن. سەرۆکەکانی دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا ئەو پاشماوەکەی لە دەستەڵاتی بەڕێوەبەری ماوەتەوە کردووەتە قۆرخی خۆیان. دەوری ڕاگری زانکۆکان، سەرۆکی بەشەکان یان ئاکادێمی تاك ئەوپەڕی کەم و بەرتەنگە. نمونەیەکی بەرچاو کە هەڵنەسورانی سیستمی بۆرۆکراتیك دەسەلمێنێ بابەتی زەماله و دەرماڵەی خوێندکارانە کە دەبێ تەنیا بە پێی مێکانیزمەکانی زانکۆ دیاری بکرێن. کەچی، لەم بارەیەوە زانکۆ تەنێ دەورێکی

راوێژكارانه دەگێڕێ، و له ئه ننجامدا، پێفاژۆ كه له لایەن ۆفیسی سەرۆكوەزیرەوه رادەپەڕێندرێ. خوێندكاران زۆر جار داخووازی زەماله وەرگرتنیان له لایەن راوێژكارانی سەرۆكوەزیرەوه وەییه دووا دەدرێتەوه، سەرەڕای دەستبژێر كردنی رقەبەرانه و راسپارەدەي پتەوی سەرۆكەكانی زانكۆكان. بۆیه، سەرەراي بارگرانییەكی زۆری بەرپرسیارەتی ئاكادێمی كه دەكەوێته سەرشانی سەركردەكانی ئاكادێمی، دەستەڵاتیان له بەر بۆرۆكراسی پێشگێڕەوه و سیستمی كۆنینه و رزیوی حێساب دانەوه پێشێل كراوه.

له زانكۆكانی مۆدێرنی نێونەتەوەیی دا، مامۆستا ئاكادێمییەكان كۆنترۆڵی تەواویان هەیه به سەر بودجەی لێكۆڵینەوەكانی خۆیان دا. سەرۆكی بەشەكان و ڕاگرەكان سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزن و كۆنترۆڵی كافییان هەیه بەسەر بابەتەكانی ستراتێژیكی خۆجێیی دا. له وانه پلان دانان، دامەزراندنی نوێ، سەرمایه وه گەڕ خستن له بووارەكانی نوێی لێكۆڵینەوه، گۆرینی بەرنامەی خوێندن و زۆر بابەتی دیكەش. سەرۆكەكانی زانكۆ چاوەدێرییان هەیه به سەر ستراتێژییه هەراوەكان دا، له وانه بەڕێوه بردن، به ئا مانج گەیشتن، پلان دانان، سیاسەت داڕشتن، ئیداره كردن، سەرخوێندنەوه و وەكی دی. به رێگەی قانونێك و دەزگایەكی نیوه هەڵبژێردراوەوه هەڵسوكەوتی سەرۆكەكان و گشت دایرەكانی دیكەی جێبەجێ كردن چاوەدێری به سەر دا دەكرێ. ئەو دەزگایه له وانەیه پێكهاتەی ئه ندامەتیتەكەی بریتی بن له كەسانی ئاسایی، پسپۆڕان، ستافی هەڵبژێردراو، خوێندكاران و دەشێ نوێنەرانی هوكومەتێش.

ئێستا كاتی ئەوه هاتووه كه كوكومەتەكانی هەرێم و پارلمانی هەرێم به شێوەیەكی پسپۆڕانه به پێڤاژۆی بەڕێبردنی دامەزراوەكانی خوێندنی بەرز له كوردستان دا بچنەوه پێداچونەوه و لێپرسینەوەیەكی دێمۆكراتی دا بهێنن و سەربەخۆیی دامەزراوەكانی خوێندنی بەرز و هەر وەها حێساب لێ پرسینەوەی دەستەبەر بكەن.

حێسبدانەوه به بیروراى گشتی، ستافی زانكۆ و حوكومەتی هەرێمی كوردستان هەمویان گشت پێویستن. له بری ئەمه دامەزراوەكانی خوێندنی باڵا دەبێ سەربەخۆیی تەواوی پیشەیی و خۆ بەڕێوەبردنیان بۆ دەسته بەر بكرێ.

رێبازی سەركەوتنی ئاكادێمی رێبازێكی درێژخایەنه بەڵام له هەنگاوی یەكەمی راستەوه دەست پێ دەكا. چووارچێوەیەكی دێمۆكراتیك و هەڵسوڕاو بۆ دامەزراوەكانی خوێندی بەرزی ئاكادێمی مۆدێرن، تەنێ دەكرێ له سەر بنەمایەكی پتەو دابمەزرێندرێ.

ئەركی سەرشانی پارلمانی هەرێمی كوردستانه بۆ ئەوەی چاو به سیستمی خوێندنی بەرز دا بخشێنێتەوه و ناوەرۆكی دییار بكا، ئەركی حوكومەتی هەرێمی كوردستانه قانون دا چەپینێ و ئەركی رێبەرانی ئاكادێمی‌یه كه شێلگیرانه بۆ سەربەخۆیی تێ بكۆشن و بۆ ئەم مەبەسته پشتگیری بەرەو خۆیان راكێشن. پێڤاژۆی گۆران هیچی تێ نا چێ، بەڵام قازانجەكانی نرخیان تەواو نابێ و ئەمه هەتا زوتر بكرێ كوردستان دەتووانێ خێراتر به باوەڕییەوه ڕو له دادێ بكا.